تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# ئەم بێدەنگیە زیانی زۆرمان پێدەگەیێنێ!

**نووسینی: کەریم فەیزیان**

سەرنج و سووکە ئاوڕێك لە مێژووی گەلان و چاو خشاندنێك بەسەر بارو دۆخ و هەڵس و کەوت و بیرو ئاکاریان دا، بۆمان دەردەخا کە لە پێناو بە ئاوات و ئامانج گەیشتنیاندا، چۆنیان خەبات کردوەو بە چ شێوەیێك لەگەڵ یەکتردا هەڵس و کەوتیان نیشان داوەو تاچ ڕادەیێك بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئاوات و ئامانجیان، هاریکار و هاو هەڵوێست بوون .بێشك هیچ کام لە گەلانی سەر ئەم گردە زەویە هەروا بە سووك و ئاسان بەبێ زەحمەت و هەوڵ و تێکۆشان و لەخۆ بووردوویی، بە ئازادی نەگەیشتوون .جا خەبات و هەوڵ و تێکۆشانەکەیان شێوەی جۆراوجۆری بووە هەرکام بەناو شەپۆلی فرمێسك و خوێن دا تێپەڕ بون و تەنانەت لەزۆر بڕگەو جێگەدا، توشی کارەسات و تەنگانەی وا هاتوون کە مرۆڤەکان گۆشتی مرۆڤە هاوسەنگەر و هاووڵاتی خۆیانیان خواردوەو خۆیان نەداوەتە دەست دژمنانیان و درێژەیان بە شۆڕش و خەبات لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی دا داوە .هەرچەند توشی زەرەرو زیانێکی بێ ژماری وەك لەناوچونی سامانی نیشتمانی و ئاوارەیی نەتەوەی و وێرانی وڵات و تەنانەت لە بەین چونی نەوەێك بوون، بەڵام لە ئاکامدا سەرکەوتوون و بوونە نمونەی بەرخودان و فیداکاری لەپێناو بەختەوەری نەوەی داهاتوو و نەتەوەو نیشتمان و ڕزگاری و سەرفرازیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا . ئاشکرایە کە هیچ گەل و نەتەوەێك بەبێ قوربانی دان و ماڵوێرانی و شەڕ و کێشە و خەباتی سەخت و خوێناوی بە ئاوات و ئامانج نەگەیشتوون .! گەلی بەش مەینەت و نیشتمان داگیر کراوی کوردیش یەکێك لەو گەلە خۆڕاگر و فیداکارانەی جیهانە کە بە درێژایی مێژوو لە سەنگەری خەبات و بەربەرەکانی بۆ ڕزگاری نیشتمان و بەختەوەری و پێشکەوتنی نەتەوایەتی دا بووە هەیە .خاوەنی بەربڵاوترین و درێژماوەترین شۆڕشی ئازادی و ڕزگاریخوازانەی مێژووی مرۆڤەکە تائێستاش هەر بەردەوامەو کورد و نیشتمانەکەی لە فەوتان و لەناوچوون پاراستوە .دژمنانی کورد و هەر بەتەنیا بۆ لەناوبردنی زمان و کلتوور و پیرۆزیەکانمان هەوڵیان نەداوە، بەڵکو بە شاهیدی مێژوو زۆر جاران پیلانی شوومی فەوتانی بەیەکجاری نەتەوەو سڕینەوەی ناوی کوردستان و نیشتمانی کوردیان، لەسەر نەخشەی جغرافیا، داڕشتوەو ئەم ئاکارو هەڵس و کەوتە دزێو و دور لە ڕێ و شوێنی مرۆڤایەتیە، لە هەموو دەورانی مێژوودا لە هەموو ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتانەی کە کورد و کوردستانیان بەسەر دا دابەشکراوە، دووپات و چەند پات بوونەوە .ڕژیم و دەسەڵاتە خوێنڕێژەکان لە ئێران و تورکیە و عیراق و سوریەدا، بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتیان لە بەرەبەیانی بوونیانەوە تا ئێستا گەلێك جاران ئەم سیاسەت و شێوە دژایەتیەیان دەرحەق بە گەلی کورد و کوردستان بەڕێوە بردوە بەڵام هەموو جاران سەریان لە گاشەبەردی خۆڕاگری و فیداکاری کورد و شۆڕشە ڕەواکەی دراوە .گەلی کورد گەلێك ڕۆژی ڕەشی دیوەو زۆر کارەساتی سامناکی بەسەر هاتوە، نموونەی بەرچاویان ئەنفال، کیمیاباران، کۆمەڵ کوژی و وێرانکردنی گوند و شارو شارۆچکەکان، بەڵام بەو حاڵەش گەلی کورد لە خەبات بۆ ڕزگاری و بەختەوەری و ئازادی و ئاوەدانی، کۆڵی نەداوەو بگرە هەموو جاران دوای نسکۆ و تێکشکانی کاتی و کەم خایەن، سەرلەنوێ و گەرمتر لە جارانی پێشوو لەپاڵ چیا سەرکەش و خۆڕاگرەکانی نیشتمان دا چۆتەوە سەنگەری خۆپاراستن و درێژەدان بە خەباتی ڕەوا بۆ هێنانەدی ئاوات و ئامانج .لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی شۆڕشی ڕەوامانـدا هەل و دەرفەتی باشمان بۆ هەڵکەوتوە کە بتوانین خۆمان ڕزگارکەین و لە باخچەی سەرفرازی مرۆڤایەتی دا بۆن بە گوڵی ئاواتمان بکەین، نموونەی بەرچاو کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد، بەڵام بەهۆی بەد قەولی بەناو دۆستان و فرت و فێڵی دژمنان و دڵسافی و دڵپاکی و کەم ئەزمونی خۆمان لە سیاسەت و بەڕێوەبەری، هەلی هەڵکەوتومان نەقۆستۆتەوە و سەرلەنوێ ڕیسمان لێبۆتەوە خوری، لەوەش زیاتر زۆر جاران بەفیتی نەیارانمان و ناکۆکی فکری و خەت و ڕێبازمان، توشی شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆیی و براکوژی هاتوین و گەلێك جارانیش کراوین بە مقاش و پشکۆی نەیارانی خۆیانیان پێ گرتوین .ئەوەی کە ئێستا لەم سەردەمەدا دەتوانین پێ ی دڵخۆش بین و لەوە دڵنیایین کە تازە کورد بەرەو دواوە هەنگاو نانێ، ئەوەیە کە پلەی زانست و خوێندەواری و زانیاری و شعوری سیاسی کورد بەتێکڕا گەیشتۆتە ڕادەێك کە تازە دژمنان ناتوانن فریوی بدەن و بەلاڕێیدا بەرن، چونکە کورد ئێستا بە چاوێکی کراوەوە لە دەوروبەری دەڕوانێ و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیك و زانستەوە لە هەموو ڕووداوەکانی سەردەم ئاگادارەو دەتوانێ دورو نزیك و دەوروبەری خۆی لە کێشەو ڕووداوەکان و داخواز و داوا ڕەواکانی ئاگادار بکاتەوە .جاران کە دەنگی بەخۆشیی نە دەگەیشت ئێستا دەنگی بە هەموو جیهان دەگاو کەس ناتوانێ سەرپۆشی بەسەرداداو وەیشارێ . ئێستا ئیتر دوور و نزیك، دۆست و نەیار بەتێکڕا هەموو گەل و نەتەوەکان دەزانن کورد چی یە داوای چی دەکا و دنیای موتەمەدین و پێشکەوتوو دیموکرات، بەبێ دابین کردنی ماف و ئازادیەکانی گەلان بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، ئۆقرەو ئارامی و پێشکەوتنی تەواو نابینێ .تازە ئیتر ڕۆڵەی کوردی چاوکراوەی حاڵی بوو لە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵ باش دەزانێ کێ دۆستەو کێ دژمن کێ یارەو کێ نەیار .کام ڕێ ڕاستەو کام چەوت و خوار .جاران ئەگەر تاکە ڕێگای ڕزگاری بۆ بەئاوات گەیشتن و بەختیاری، خەبات و بەرخودانی چەکداری بوو و بەس، ئێستا زۆر شێوەی جۆراو جۆری خەبات هەن کە دەکرێ مرۆڤی کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی هەڵیان بژێرێ، بەڵام لێزانی و لەخۆ بوردوویی و پشو درێژی و هاوکاری هەمەلایەنەی دەوێ، هەر شێوە خەباتێك هەڵبژێرین دەبێ هێزێکی پارێزەر و پشتیوانی چەکداری وەك هێزی پێشمەرگەی لەپشت بێ چونکە دژمنان و داگیر کەرانمان خاوەنی هێزی زۆر و تەیاری نیزامین و لە ڕابردوشدا دەرکەوتوە کە ئەگەر دژمنان ترسی هێزی پێشمەرگەیان نەبا، نەك هەر بە ئەنفال و کیمیایی و وێرانکاریەوە نەدەوەستانەوە، بگرە وەك نازیەکان کە چۆن جووەکانیان لە کورەی ئاوردا دەستە دەستە دەسووتاند و دەیانکردنە خۆڵەمێش، بێشك چارەنوسی ئێمەش لەوان ئەگەر خراپتر نەبوایە چاکتر نەدەبوو .سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کردن، شتێکی گرینگ و بەرچاوی کە کەدەبێ سەرنجی بدرێ و وەك خاڵێکی بەرچاو لەبەرچاو بگیرێ، ناکۆکی و دژایەتی داگیرکەران و دژمنانی کورد و کوردستانە لەگەڵ یەکتری .بڕوانە ئەو ڕژیم و وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە هەرکام بەشێوەیێك لە شێوەکان لەگەڵ یەکتری دژ و ناتەبا و ناکۆکن و تەنیا شتێك کە لەسەری تەبا و ڕێك و هاو هەڵوێستن، دژایەتی کورد و کوردستانە .هەربۆیە زۆر پێویستە و دەبێ کورد لەو خاڵە لاوازەی نەیارانی کەڵکی پێویست وەرگرێ و لەپێناو سەرکەوتن و قازانجی نەتەوەییدا هەموو ناکۆکی و ناتەباییەکانی وەلانێ و هەرکەس بەهەر بیرو باوەڕو خەت و ڕێبازێکی سیاسیەوە کە هەیانە، دەستی هاوکاری و یەکیەتی بدەنە دەستی یەك و بەپێ ی دەسەڵات و تواناو لێهاتوویی لە هەوڵی یەکیەتی نەتەوەیی دابن و بۆ ڕوودانی هەر ئاڵوگۆڕو ڕاپەڕین و سەر هەڵدانێکی جەماوەری لە دژی دژمنی داگیرکەر ئامادەگیان هەبێ و ڕێبەرێکی یەکگرتوو لە چەشنی بەرەێکی پتەوی وا کە نوێنەری هەموو لایەن و هێزو چین و توێژەکان بێ، تەیارو ئامادەبێ و بتوانێ لە یەکەم هەنگاو دا ڕێبەریی جەماوەر و بەڕێوەبەری کارەکان بە ئەستۆوە بگرێ. بەڕاستی نابێ ئاوا دەست لەسەر دەست دانێین و دەستە وەستان بوەستین و چاوەڕوانی گەورە دەسەڵاتانی جیهان بین کە شتمان بۆ بکەن. خودا بۆخۆی فەرمویە: ئێمە حاڵی هیچ گەل و قەومێك ناگۆڕین تا ئەوان بۆخۆیان حاڵ و وەزعی خۆیان نەگۆڕن. کەوابو تا خۆمان هەوڵێك نەدەین نە خودا بە دەمانەوە دێ و نە زلهێزەکانیش کارێکمان بۆ دەکەن. لە ڕابردوشدا بۆمان دەرکەوتوە کە زلهێزەکان بەدوای قازانجی خۆیانەوەن. ناڵێین هیچ نەکراوە، بەپێ ی دەرفەت و بۆ لوان هەر ڕۆژە شاهیدی خۆڕاگری و بەگژدا چونەوەی هێزی گەلین لە بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان دا، بەڵام ئەم هەل و مەرجەی ئێستا کە بۆمان ڕەخساوە، بە چەند دەلیل لەگەڵ هەل و مەرجەکانی تری پێشومان جیاوازی هەیە کە ئەگەر نەی قۆزینەوە و لەکیسیان بدەین توشی داخ و کەسەری زۆر دەبین و پەشیمانیش هیچ دادێك نادا. هۆ و دەلیلەکان زۆرن کە ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیان دەکەین:

1ـ گەلی کورد بەتێکڕا لەباری هۆشیاری و ئەزموونەوە لەگەڵ ڕابردوو بەهیچ شێوەێك بەراورد ناکرێ و جیاوازی زۆری هەیە. ڕادەی خوێندەواری لەناو کۆمەڵ دا بەشێوەێکی بەرچاو چۆتە سەر و زیاتر لە 80٪ ی خەڵك خوێندەوارن کە ئەم ڕێژەیە لەچاو جاران بەهیچ شێوەێك پێك ناگیرێن و شێوەی بارهێنان و پێگەیاندن و تێگەیاندنی ئەم سەردەمە لەگەڵ سەردەمانی پێشتر نزیك بە 100٪ گۆڕانی بەسەردا هاتوە. لەکۆندا لە گوندەکانی کوردستان قوتابخانە زۆر دەگمەن بوو و ئەگەر بشبوایە مامۆستاو فێرکار بەڕادەی پێویست نەبوو. ئەوەش کەبوو ڕەوشت و شێوەی فێرکردنی بەشێوەی شیاو نەدەزانی. ناوەندی خوێندن و فێرکردن بەزۆری مزگەوت و مەلا بوون. زۆر گوند مزگەوتی هەبوو لەزۆری تریش بەپێچەوانەوە. سەرەڕای ئەوانەش دەسەڵاتی داگیرکەریش بە هەموو شێوەێك بەری لە پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە کوردستان دەگرت سەرەڕای هەژاری و دەستکورتی زەبروزەنگ کە گەورەترین هۆ بوون لەم بارەوە. لە شارەکانیشدا کە قوتابخانە هەبوو لەبەر دەست تەنگی و هەژاری، ڕێژەێکی کەم لە خەڵك دەیتوانی منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە. ئەوەی کە توانیوێشیەتی بەشی زۆری هەر خوێندنی سەرتاییان هەبووەو بەهۆێك لە هۆیەکان نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن و بە ناچاری بەنیوە ناچڵی خوێندنیان وازلێهێناوە و ڕادەێکی زۆر کەمی وەك پەنجەی دەستان توانیویانە بەهەر کوڵەمەرگی و دەردەسەرییێك بێت بە پلەێکی شیاوی خوێندن بگەن. بەڵام ئێستا سەرەڕای ئەوەی کە باری گوزەرانی ژیان بۆ زۆرکەس هەروا قورس و تاقەت پڕوکێنە، ڕادەێکی بەرچاو باری ژیان و گوزەران و مەجالی خوێندن و خوێندەواری ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتوە و زانست و تیکنۆلۆژی سەردەم کارێکی کردوە کە خەڵك چاوکراوەبێ و ئاگاداری ڕووداوەکانی ڕۆژ بێ کە ئەمە مایەی دڵخۆشی و هیواێکی زۆرە.

2ـ جاران، مەبەست شۆڕشی دەورانی پێش لەناوچونی دەسەڵاتی بەعسە، بستێك لەخاکی کوردستان ئازاد نەبوو تا بناغەو پایەێك بێت و بۆ بەشەکانی تری کوردستان و کورد بەگشتی ماڵێکی ئاوەدانی نەبوو، بەڵام ئێستا بەشێك لە خاکی کوردستان ئاوەدان و ئازادە و کورد دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە دایە، ڕەنگە کەم و کوڕی بەڕێوەبەری و ئیداری و شتی واشی تێدابێت کە لەگەڵ ویست و داخوازیەکانی تێکڕای جەماوەر نەیەنەوە، بەڵام لە وڵاتێکدا کە ڕژێمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری وەك بەعس بۆ ماوەێکی زۆر حوکمڕانی تێدا کردبێ سەرخان و ژێرخانی ئابووری و کەلەپووری و هەموو دیاردە باشەکانی کۆمەڵگایەکی شایان و شیاوی مرۆڤی لەبەریەك هەڵوەشاندبێ، بێگومان کات و دەرفەتێکی زۆری دەوێ تا دەقاودەق لەگەڵ ویست و پێداویستیەکانی تێکڕا بێتەوە. هیواداربین بەباشتربوونی چاکترە لەوەی کەبێ هیوابین و پێمان وابێ ناکەوێتە سەر بست و تەوەرە و خەتی ڕاستی خۆی. ئەم بەشە ئازادە لە نیشتمان مایەی شانازی هەموومانە و پاراستن و پەرەپێدانیشی لەسەر ئەستۆی هەموومانە.

3ـ لەڕابردوودا کەم وابووە کە هەلی ئاوا بۆ گەلەکەمان هەڵکەوتبێ کە گەورە دەسەڵاتدارانی وەك ئەمریکا و بریتانیا، هێزی خۆیان بەهەموو کەرەستەێکی پێشکەوتووی سەردەم، لەدەوری ئەو وەڵاتانەی کە نەیاری بەرژەوەندیەکانی ئەوان و دژمنی سەرەکی و سەرسەختی لەمێژینەی نەتەوەکەی ئێمەن، مۆڵ بدەن و هەڕەشەیان لێبکەن، کە بەبڕوای من ئەم هەل و مەرجەی کە دژمنانمان بەشێوەێك لەشێوەکان لە گەمارۆی ئەو زلهێزو دەسەڵاتدارانەدان، کاتی خۆ ئامادەکردن و خۆ یەکخستن و یەکگرتنێکی باوەڕپێکراوە بۆ هێزو لایەنەکانی کورد بەتایبەت هێزو لایەنە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبێ لە هەلی هەڵکەوتوو کەڵکی پێویست وەرگرین و بەفیڕۆی نەدەین. هەموومان دەزانین کە هەر دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمی نگریسی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئاخوندی دیکتاتۆر و خوێنڕێژ. بەهۆی گرتنی سەفارەتی ئەمریکا لەلایەن ئەم ڕژێمەوە، دژمنایەتییێکی بەرچاوی ئەمریکا و ڕژێمی ئاخوندی لێکەوتەوە کە ئێستا لەوپەڕی توندی خۆیدایە کە زۆر جاران گەیشتۆتە ڕادەی بەرەنگاربوون و تێکهەڵچون. بەڵام ئێستا لەوە دەرچوە. سەرەڕۆیی ئەحمەدی نژاد و کێشەی ئەتۆمی و دەست تێوەردانی سپای پاسداڕان لە کاروباری وڵاتانی دەوروبەر و پشتیوانی کردن لە گروپە ترۆریستەکان لە لوبنان و عێراق و فەلەستین وئەفغانستان وباقی وڵاتانی شەڕلێدراو گوێ نەدانی کاربەدەستانی ڕژێم بۆبڕیارەنێودەوڵەتیەکان وهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، کێشەکانی ئەوەندەی ترئاڵۆزکردوە بە جۆرێك کەمەجالی دیالۆگ وقسە وراوێژی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان نەهێشتۆتەوە. هەربۆیە دەبێ چاوەڕوانی ڕودانی ئاڵوگۆڕی لەناکاو لە ناوچەکەدا بین و لەم بارەوە دەبێ ئامادەبین و پێش ڕوودانی ڕووداوەچاوەڕوان کراوەکان خۆمان ڕێکبخەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە یان و پێشوازی لە ڕووداوەکان. 4ـ دژایەتی و چەند بەرەکی لە نێوان باڵە دەسەڵاتدارەکانی ڕژێم لەنێوخۆیاندا لەسەر دەسەڵات و کورسی، گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕۆژنیە سەرۆکی شارەوانی یان ئەندام پارلەمان ، یان کاربەدەستانێکی سەر بەباڵێك لەلایەن پەلەکانی ترەوە نەگیرێ و محاکمە نەکرێ بە شێکی زۆر لەکاربەدەستانی ڕژێم وازیان لەکار هێناوە. بێزاری خەڵك لەوڕژێمە گە یشتۆتە ڕادەی تەقینەوە. ئیعدام و گرتن وکوشتن و دوور خستنەوە ڕۆژبە ڕۆژ زیاتروزیاتر دەبێ. گرانی وبێکاری و نەبونی هیوا بەدواڕۆژێکی گەش باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشاوە. ڕووناکبیر و چالاکانی مەدەنی دەگیرێن وناوەندەکانی ڕاگەیاندن بێجگە لە ناوەندەکانی سەربە باڵی دەسەڵاتدار دادەخرێن و بەڕێوەبەرەکانیان ئەزیەت و ئازار دەدرێن و دەگیرێن. هەل و مەرجەکان لە هەموو بارێکەوە بۆ ڕاپەڕین و دەربڕینی بێزاریی جەماوەر لەئارادان. ئەوەی کە لەوناوەدا بێدەنگ و نادیارە هاندەر و ڕێبەرێکە بۆ جەماوەر!. بەلەبەر چاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باسمان کردن، لەڕابردودا هەل و دەرفەتی وا لەبار کەم بوون و ئەوەی ماوە خۆمانین کە چی بکەین و چۆن ئەو هەلانە وەقۆزین و ئەوەی بۆ ئێستا پێویستە و دەتوانین لەداهاتودا کەڵکی لێوەرگرین، بەفیڕۆی نەدەین. ڕاستە بەهۆی هەلو مەرجی تایبەت بە ناوچەکە بەگشتی و لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیان توانیوە وەك پێویست و ویستی خۆیان، هەڵس و کەوت بکەن و ئەرکی سەرەکی خۆیان بەڕێوەبەرن، کە بەڕێوەبردنی چالاکی و هەڵسوڕانی سیاسی و بەسەرکردنەوەی جەماوەرە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لەنزیکەوە و ئەم هۆیەش تا ڕادەێکی بەرچاو لەسەر دەست ئاوالاَ بونی ڕژێم بۆ بەڕێوەبردنی هەر کردەوەێکی دژی ئینسانی و دوور لە ڕێ و شوێنی دیموکراسی دەرحەق بە جەماوەری بەشخوراوی وڵاتی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، دەوری سەرەکی هەبووە و هەیە. بەڵام بەهۆی دەست ڕاگەیشتن بە کەرەستەو ئامرازی ڕاگەیاندن و پێوەندی گرتنەوە، تاڕادەێك لەم بارەوە کارکراوە و هەرلایەنە لەپێوەندی گرتن بە جەماوەر و پشتیوانی کردن لەهەر چالاکیەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە یاریدەدەر و پاڵپشتیان بوون. لێرەدا ئەوەی کە دەبێ هەر تاکێکی کورد لەبەرچاوی بگرێ و بەئەرکی خۆی بزانێ ئەوەیە کە هەر کەس لەبەرخۆیەوە چی لەدەست دێ و لەتوانایەتی بۆ پەرەپێدان و بەهێز کردنی هەستی یەکیەتی نەتەوەیی تێبکۆشێ و کاربکا، کەبێگومان ئەم ئاکار و بیرکردنەوانە ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە و شۆڕش و خەباتەکەمان تێکڕایی تر دەکات. لێرەدا ئەرکی هێزی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت هێزە کوردستانیەکانە کە دووبەرەکی و دڕدۆنگی و دژایەتی لەگەڵ یەکتر بخەنەلاوە و بەچاوی ڕێز لەیەکتر بڕوانن و هەرکەس بەنۆرەی خۆی بەپێی توان و لێهاتووی خۆی، دەوری کارا و ئەرێنی خۆی بۆ بەهێزکردنی یەکیەتی و هاوکاری و هاو چارەنووسی و بەهێزکردنی بیری نەتەوایەتی و بەنەتەوەیی بوونی کێشەی کورد بگێڕێ و بۆ بەرژەوەندی گشتی وازلە بەرژەوەندی کاتی و بەرتەسکی حیزبی و ڕێکخراوەیی خۆی بێنێ، بێگومان ڕزگاری و بەختەوەری و پیشکەوتنی نەتەوە و نیشتمان زۆر لەقازانجی دەستەیی و حیزبی و ڕێکخراوەیی بەرزتر و پیرۆزترە. کە گەل نەبێ دەستەو تاقم و حیزب و ڕێکخراو چ ماناو پێگە و ناو و نیشانێکیان نابێ. ئێستا ئێمە لەقۆناغی خەبات بۆ ڕزگاریداین و دەبێ هەموو ئاکار و ووتە و هەڵس و کەوتمان لەو پێناوەدا بخەینە کار و کێشەی دەسەڵات و بەڕێوەبەری هەڵگرین بۆ داهاتو و دوای قۆناغی ڕزگاری و ئەودەم ئەوە خەڵکە کە دیاری دەکات کێ جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە گرێ و جۆرو شێوە بەڕێوەبەرێك وڵات بەڕێوە بەرێ و جەماوەر مافی ئەو دیارکردن و دەسەڵات دانەی هەبێ. بەڕاستی دەبێ هێندە بە دڵئاوایی و سینگ فراوانیەوە کاربکەین کە تەنانەت ئەوانەی کە فریوی داگیرکەریان خواردوە و لەدژی خەبات و بەرخودانی نەتەوەکەیان، بونەتە داردەستی دژمن و ڕێگای هەڵەو خەیانەتیان گرتۆتە بەر، پەشیوانی دەربڕن و بەدڵنیاییەوە بێنەوە ناو باوەش و ڕیزەکانی شۆڕشی ڕەوا و بەفیداکاری و دڵسۆزیان، ڕابردووی خۆیان پاك وەکەن و گەلیش لێیان خۆش بێ و پێکەوە بۆ ئاوەدانی و سەرفرازی و بەختەوەری نەتەوە و نیشتمان ڕەوڕەوەی ژیان بەرەو پێش بەرین، ئێستا ئیتر دەبێ بۆ ئەوان زۆرباش دەرکەوتبێ کە ئەم دەسەڵات و ڕژیم و بەڕێوەبەریە دیکتاتۆریە ئاخرین چەرخ و خولەکانی ژیانی پڕ لە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی خۆی تێپەڕدەکا و هەربینا ڕوەو سەرانگوێلکی مێژوو سەرانگرێ بوو و کەوتە چاڵەقوتی نەمانەوە.

لەهەل و مەرجی ئێستادا ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمان چ لەنێو خۆی وڵات و چ لەدەرەوەی وڵات، بەحیزب و لایەنی سیاسی و جەماوەری ناوخۆ و ئاوارەی هەندەرانمانەوە، بەبێ دودڵی و نامۆیی لەیەکتر، بەپێی توانا و لێهاتویی یارمەتی یەکتر بدەین و وەك پێشمەرگەێکی نەتەوە و نیشتمان، لەڕیزێکی پتەوی یەکگرتودا بەرەو ئامانجی ڕزگاری نەتەوە و نیشتمانمان هەنگاو هەڵگرین. بەتایبەت کوڕانی دانیشتوی هەندەران، سەرەڕای کە هەوڵ بدەن خۆ فێرکەن و بخوێنن و زانیاری پەیداکەن و کەڵك لە زانستەکانی سەردەم وەرگرن، هەوڵ بدەن سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا نیشتەجێن بۆلای کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان ڕاکێشین و پشتیوان و دۆستی زیاتری بۆ پەیداکەن. ئەودەم هەموو پێکەوە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست لەبەرەێیکی یەکگرتووی وادا کە هەموو چین و توێژەکانی کوردەواری بەنوێنەری خۆی بزانن، ڕوە و ڕووخانی کۆشکی داگیرکەران بکەوینە ڕێ و لەئاکامدا ئاواتی لەمێژینەی گەلمان بێتەدی و کۆمەڵگایەکی بەختەوەری ئاسودەی دیموکرات و پێشکەوتووی وا پێکەوە نێین کە لە کاروانی پێشکەوتووی ئەوڕۆی سەردەم دوانەکەوێ و نەکەس دژی بێ و نەدژ بەکەس بێ و مایەی شانازی مرۆڤایەتی بێ. بەهیوای ئەو ڕۆژە.

ورەی دووهەم، ساڵی بیست وچوارەم ژمارە «137» 29ی پووشپەری 2708 کوردی، 1387 کۆچی خۆری، 19ی مەی 2008ی زای